## دانپێدانەکانی ژنێک

# بەردی سەبووری




ناوی کتێب: بەردی سەبووری
بابەت: ڕۆمان
نوسەر: عەتیق ڕەحیمی
وەرگێڕانی لە فارسیەوە: ئارام سۆفی
لەبڵاوکراوەکانی: یەکێتی ژنانی کوردستان
ساڵی چاپ: ٢٠١٠
لاپەڕە: ١٤٣

**ئا: ئاراس حەسەن**

– ژنەکە لەپشت سەری پیاوەکەوە وەستاوە دەڵێ « بەڵێ بەردی سەبوری من، ئەو دوو کچە هی تۆنین»

– تا دەڵێ« خۆشت دەزانی بۆچی و چۆن، ئەوە تۆبوویت کە نەزۆک بویت نەک من...؟!»

– دایکت دەیویست تۆ ژنێکی تر بێنیتەوە، ئەوکاتە من چیم بەسەر دەهات...؟!

– بەڵام ناچار بووم ئەوە بە دایکت بڵێم، کە حەکیمێک هەیە موعجیزە دەخوڵقێنێت...!

– تۆ نازانی لەڕێگا، دایکت هەرچی بەزاریدا هات بەمنی وت..!

– دایکت وتی؛ ئەمە دواین چانسی تۆیە...! ئەزانی مانای چی...؟!

– بەڵام، پاش ئەوەی چەندین جار چووم بۆلای حەکیمەکە و سکم پڕ بوو، بەحساب سیحرو جادووە، بەڵام ئەو حەکیمە هاودەستی پورم بوو.

–... حەکیم منی لەگەڵ پیاوێکدا خەواند کە چاویان بەستبوەوە، ئەو پیاوە مافی ئەوەی نەبوو، قسەم لەگەڵ بکات و دەستم لێ بدات...،!

بەڵام من نەمدەویست گوناحکار و بەدکار بم، دەمویست لەوکارە دەست هەڵگرم، بەڵام درەنگ بوو، بەڵام دەگریام و بەکوڵ دەگریام و هەستم بەگوناە دەکرد، رقم لەگشت کەسێک بوو، ئێوەم بەنەفرەت دەکرد تۆ و خێزانەکەت...!، لەوانەش بەدتر دەبوو شەوان لەگەڵ تۆ بخەوم.

– «ئاە بەردی سەبوری من، کاتێک ژن بوون سەخت بێت، پیاوبونیش سەختە»

ئەوە ئەو ئیعترافەیە کە ژنەکە بۆ بەردی سەبوری دەکات.

لەم پەرەگرافەی ناو ڕۆمانەکە، یان لەم پەرەگرافەی ناو چیرۆکەدا، کە نازانرێ ئەو ژنە کێیە؟ ناوی چییەو

لەکوێدایە، لە چ ڕوبەرێکی جوگرافی قسە دەکات و بەناوی کام لەو ژنانەوە قسە دەکات.

بەڵام بەسەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە بەهۆی دەردی ژن بوونەوە.

دەردی ژن بوون لەم چیرۆکەدا هێندە بەئازارە، کارەکتەر یان گێڕەرەوەی سەرەکی ڕۆمانەکە کە کەس یەکەمە، لەژێر فشاری خەسویدا کە دەیویست بەهۆی مناڵ نەبوونیەوە ژنێکی تر بۆ کوڕەکەی بێنێت، لەکاتێکدا کوڕەکەی خۆی گرفت بوو.

بەڵام بەناچاری بۆئەوەی ژنی تری بەسەر نەیەت، جارێک بەهۆی ژن بوونی و جارێکی تر بەهۆی نەچەوسانەوەی لەلایەن ژنێکی تری هاوڕەگەزیەوە، نەچەوسێنەوە، ناچار پەنا بۆ کارێکی قێزەون دەبات.

سکی لە کەسێکە کە حەکیم چارەسەری دەکات، دوو کچی دەبێت. کە زۆڵن یان کچی مێردەکەی نین.

بێگومان ئەم چیرۆکە چیرۆکی ژنانی خۆرهەڵاتیە، عەتیق ڕەحیمی، چ وەکو نوسەر چ وەکو فلیمساز و دەرهێنەر ئەوزیفی کردوە

یەکێکی تر لەچیرۆکەکانی کارەکتەر، (کارەکتەری ژن) دەگێڕێتەوە و دەڵێ، «من هیچم بە تۆ نەوت، تۆش وانزانی ئەو خوێنە نیشانەی کچبوونی منە..»

دەڵێ« بە دیتنی خوێنەکە کە تۆ سەرمەست و پڕ غرور بویت...»

بەڵام لەراستیدا من ئەو خوێنەم هی بێ نوێژی بوو، ئەوەش یەکێکی ترە لەدەردی ژن بوون، عەتیق ڕەحیمی، دەردی ژن بوون لەسەر زمانی خۆیانەوە دەگێڕێتەوە.

ئەگەرچی ئینسان وادەزانێ بەتەنها پیاو قوربانیە لەم ڕۆمانەدا، بەڵام لەراستیدا وانیە، بەڵکو هەردووکیان (ژن و پیاو) قوربانین، قوربانی کۆمەڵگە، کلتور، داب و سونەتی کۆنخواز و نائینسانی، چونکە کارەکتەرەکە ئەوەش دەگێڕێتەوە «من کچێکی حەڤدە ساڵ بووم، دەسگیرانی قارەمانێک بووم مەراسیمی مارە برین ڕێکخرا بەبێ ئامادەبوونی زاوا، بەڵام دایکێ هاش و هوشی ئەوەی دەکرد کە بارودۆخەکە باشە...

پاش سێ ساڵ دایکت وتی، جوان نیە کچێکی مارە بڕاو لەماڵی دایک و باوکی بێت.. بۆیە لەجەژندا بێ ئامادەبوونی تۆ لەگەڵ وێنەکەت و خەنجەرەکەت، زەماوەندم کردو دەبوو شەوان لە تەنیشت دایکتەوە بنوستمایە.

ئەم ڕۆمانەی عەتیقی ڕەحیمی. هەروەک ڕۆمانەکانی تری «هەزار ماڵ لەخەون و ترس» چیرۆکی مەینەتی ئینسانەکانە.

ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی حیکایەتە هیچەکانی ژیان و ژن و ئینسانەکانی سەر گۆی زەوی و بەتایبەتی ئینسانی ئەفغانستانە کەچۆن گیریان خواردوە بەدەست کلتورو دابونەریت و شەڕوشۆڕش و ماڵوێرانی هێزە بەناو کۆمۆنیستە دژە ئینسانیەکان و ئیسلامیە توندڕەوەکان. کارەکتەر دەڵێ وامدەزانی « تۆ ڕۆژێک دێت دەمبەخشیت لەبەر خاتری ئەو شنانەی کردومن، بەڵام ئەمڕۆ کاتێک کە بیری لێ دەکەمەوە گەر تۆ بتزانیایە یەکسەر دەتکوشتم، ئەم قسەیە، جوانترین ئیعترافی ژنی کارەکتەرە.

ئەم ڕۆمانەی عەتیق ڕەحیمی، چیرۆکی ژنێکە، بەڵام واقیعی ژیانی زۆربەی ژنانی ئەفغانستانە، بەڵام لەگەڵ بەردی سەبوری «سنگ صبور» دەری دەبڕێت.

دیالۆگ و مەنەلۆگی بەردی سەبوری، پڕیەتی لەژان و دەردەسەری و چەرمەسەری ژنان.

هەربۆیە عەتیقی ڕەحیمی ڕۆمانەکەی پێشکەشکردوە بە ڕوحی «نادیا ئەنجومەن» ئەو ژنە شاعیرەی کە نامرۆڤانە بەدەسنی هاوسەرەکەی کوژرا

عەتیق خۆیشی لەو ڕۆمانەدا دەڵێ:

«من دەربارەی ژنانی ئەفغانستان و سەرجەم ژنانی جیهان دەنوسم»

واتا جیهان و هەموو ڕەگەزی مێینە هاتوەتە گۆو قسە دەکات.

ناوی (بەردی سەبوری) ئەفسانەیەکە کە بۆ دەربڕینی غەم و کە سەر، کە کەسێک بیەوێت دەریببڕێ.:

پیاوێک ڕاکشاوە.. ژنێک بەسەر سەریەوە ئەزبیحات دەکات.

دەیەوێت ژیان و بەسەرهاتەکانی بۆ مێردەکەی بگێڕێتەوە. دەکەوێتە باسکردنی خۆزگە و ئاواتەکانی ژیانی و ئاشکراکردنی نهێنیەکانی ڕابردووی.

ڕۆمانەکە بەسەرهاتی ژنێکە لە (٩٩) ڕۆژدا، چونکە مەلایەک فەرمانی کردوە بە ژنەکە کە هەر ڕۆژەی یەکێک لە (٩٩) ناوەکە خوا بەسەر جەستەی پیاوەکەیدا بخوێنێت و بەزکری ناوەکانی خوا (یا قەهار) دەستپێدەکات بە (یا سەبور) کۆتایی دێت، سەرجەم زۆرترین ئەهانی و ئەگبەتی و قوربانیبوون، ژنە لەم ڕۆمانەدا واتا ژن قوربانی یەکەم و کۆتایی ڕۆمانەکەیە و باڵندە کۆچەرەکانیش لەسەر جەستەی خوێناوی ژنەکە دەفڕن.